هێزە ئەمنییەکانی پارتی ڕێگری لە مامۆستایانی ناڕازی سلێمانی دەکەن خۆپیشاندان لە هەولێر ئەنجامبدەن

بەیانی ئەمڕۆ یەکشەممە، بەشێک لە مامۆستایانی مانگرتوو و ناڕازی بەرەو شاری هەولێر بەڕێککەوتن بۆ گەیاندنی دەنگیان و بڕیاریان دابوو لەبەردەم ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم خۆپیشاندان بکەن.

بەڵام لە بازگەکانی سنووری پارێزگای هەولێری پایتەخت و لەلایەن هێزە ئەمنییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕێگریان لێکرا و ئومێد خۆشناو، ئەندامی پارتی و پارێزگاری هەولێر لە لێدوانێکی بۆ ڕۆژنامەوانان بەیانی ئەمڕۆ یەکشەممە گوتوویەتی: "هەولێر تاقەتی نییە پێشوازی لە میوانی ڕەزاگران بکات و پێشوازی لەو جۆرە کەسانە بکات"، ئەوەش وەک ئاماژە بۆ مامۆستایانی ناڕازی سلێمانی کە بڕیاربوو درێژە بە ناڕەزایەتییەکانیان بدەن و بەرەو هەولێر بڕۆن، بۆ داواکردنی مافەکانیان و چارەسەری ڕیشەیی بۆ کێشەی مووچەو شایستە داراییەکانیان.

ئەمەش لەکاتێکدا، ماوەی 13 ڕۆژە مامۆستایانی سلێمانی مانیان لە خواردن گرتووە و تەندروستی هەندێکیان خراپە و بەردەوامن لە خۆپیشاندان.

ئەم خۆپیشاندانانە و ناڕەزایەتی کە دژی حکومەتی هەرێم بەڕێوەدەچێت، بەهۆی وەرنەگرتنی شایستە داراییەکانی مامۆستایان و فەرمانبەرانی هەرێمە کە تا ئێستا کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێم مووچەی مانگی دوازدەی ساڵی ڕابردوو و بەشێک لە مووچەکانی مانگی یەکی ئەمساڵ دابەش نەکردووە و

خۆپشاندەران داوا دەکەن کێشەکانیان بە ڕیشەیی چارەسەر بکرێت و کۆتایی پێبێت.

هاوکات، ماوەی 13 ڕۆژە چەندین مامۆستای ناڕازی لە پێنەدانی مووچەو شایستە داراییەکانیان لە سلێمانی مانیان لە خواردن گرتووە، مامۆستایانی ناڕازی دەڵێن، "سوورن لەسەر مانگرتن تاوەکو دەگەن بە ئامانجەکانیان".

لەلایەکی ترەوە، چەند ڕۆژێک لەمەوبەر لە هەولێری پایتەخت، مامۆستا عەلی ڕەئووف مستەفا، نوێنەری گشتی مامۆستایانی گرێبەست لەلایەن ئاسایشی هەولێر دەستگیرکرا، دوای ئەوەی داوای کردبوو خۆپشاندان لە هەولێر و دهۆک دژی حکومەتی هەرێم بەڕێوەبچێت بەهۆی پێنەدانی شایستە داراییەکانیان.

لەلایەکی ترەوە د. سەباح هەورامی، بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی سلێمانی ڕۆژی هەینی لە 11هەمین ڕۆژی مانگرتنی مامۆستایان هۆشداری لە دۆخی تەندروستی مانگرتووان دا و دەڵێت: "لەمڕۆوە دۆخیان پێ دەنێتە باری مەترسیدارەوە".

بەڕێوەبەری تەندروستی سلێمانی ڕایگەیاندووە، لەمڕۆوە قۆناغێکی تری تەندروستی مانگرتووان دەستپێدەکات، کێشیان دادەبەزێت، هەموو ئۆرگانەکانی لەشیان روو لە لاواز بوون دەکات.

لەکاتێکدا تا ئەمڕۆ یەکشەممە 9ـی 2ـی 2025، حکومەتی کابینەی نۆیەمی ماوە بە درێژکراوی هەرێمی کوردستان مووچە و شایستە داراییەکانی مانگەکانی 12ـی 2024 و مووچەی بەشێک و فەرمانبەرانی مانگی 1ی 2025 دابەشنەکردووە، لەکاتێکدا ڕۆژی سێشەممەی ڕابردوو وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێم و وتەبێژی حکومەت وەرگرتنی بڕی 958 ملیار دینار بۆ پێدانی مووچەی مووچەخۆرانی مانگی 1 لە وەزارەتی دارایی عێراق ڕاگەیاند.

هەرچەندە نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان داوای لە مامۆستایانی سلێمانی کردبوو کە واز لە خۆپشاندان و مانگرتنیان بێنن و دەڵێت: "کێشەی مووچە چارەسەرکرا"، بەڵام هیچ کردارێکی جددی لەوبارەیەوە بە مامۆستایانی سلێمانی و کوردستان نەکراوە و تا ئێستا مامۆستایان و فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان مووچە و شایستە داراییەکانی دوو مانگی پێش ئێستایان وەرنەگرتووە.

تا ئەمڕۆ یەکشەممە، ماوەی 13 ڕۆژە خۆپشاندان و مانگرتنی مامۆستایانی شاری سلێمانی بەردەوامە.